کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:42 14-6-2007

## هەڕەشەكانی كاک مەسعود بارزانی بەرانبە بە توركیای خوێن مژ سیناڕۆیەكی تری سەركردایەت پارتی یە ... سەباح عەلی قارەمان

كاتیك هیزەكانی ئەمریكا عیراقیان ئازادكرد لە دەست دیەوە زمەكانی بەعسی خوین مژی كوردوو كورستان خەرجیكانی ئەمریكا كە لەو شەڕەدا بە كاری هینا لەدژی ڕژێمی بەعس گەیشتە 300 ملیار دولار بەگیورەی ئەو پارەیە تاكو سالی 2020 نەوتی عیراق وەكو سالەكانی هەشتاكان بڕوات ئەوسا ئەمریكا ئەو 300 ملیارە بۆ دەگەڕێتەوە مەبەستی من لەو ەی سەرەوە كە نوسیومە ئەوەیە لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقە و بەتایبەتی لەم دوایانەدا هەڕەشەكانی توركیا توند تر بوەتەوە بۆ هیرش كرنە سەر خاكی كوردستان لە بەرانبەریشدا هەڕشەكانی كاك مەسعود بارزانی بەڵام لەلای زۆربەی خەڵك ئەو ە بە هەڵویستێكی كورد پەروەرانەی لە قەڵم دەدەن بەڵام من ئەمەوێت چەند ڕاستیەك لەو هەرەشانە بخەمە ڕوو ئایە كیشەكە كێشەی میللەتە یان شەخسیە؟ وەكو هەموو لایەك دەزانین لە كاتی شەڕی براكوژیدا 1997 لە سەر داوای بارزانی هێزەكانی توركیا هاتنە ناو خاكی كوردستانەوە بەهێزی زەمینی و تانك و زریپۆشەوە لە ئاسمانیشەوە بە تەیارەی f 16 هێرشیان كردە سەر هێزەكانی (ی ن ك) ئاخۆ ئەو هێزانەی توركیا بێ بەرانبەر خاكی كوردستانیان بەزاند و شەڕیان بۆ هێزەكانی (پ د ك) دەكرد و لە لایەكی ترەوە بە پاڵ پشتی توركیا پارتی شەڕی لە گەڵ PKK دەكرد لە كاتێكدا توركیا هیچ داهاتێكی ئەوتۆی نیە و ئەو هێرشی سەربازیانەش بە چەندین ملیار دۆلار مەزەندە دەكرێت بۆیە لە ئەستۆگرتنی خەرجی ئەوشرە كورد كوژیە لەسەر حیسابی داهاتی میللەتەكەمان خەرج دەكرا لە لایەن بارزانیەوە بەڵام پارەكە هێندە زۆر كەوتوە لەسەر بارزانی بە ئاسانی پێی دابین ناكرێت توركیاش قەرزێكی زۆری لای پارتیە ئێستا داوای ئەو قەرزە دەكات پارتیش قەرزەكەی ناداتەوە توركیاش نایەوێت بە ئاشكرا داوای بكات بۆیە دەستی كردوە بە هەڕەشە كردن بەبیانوی لێدانی هێزەكانی PKK ئەمە لەكاتێكدایە PKK بەڕەسمی ئاگربەستی ڕاگەیاندوە بەڵێ هەڕەشەكانی توركیا لە پارتیە نەك گەلی كورد بۆ داوای قەرزەكانێتی لە پارتی و بارزانی. كەی بارزانی توانی داهاتی كوردستان و گومرگی ئەبراهیم خەلیلی بۆ میللەت سەرف كردوو ئەوگەندەڵیانەی كەوكو ئەنفلۆنزای باڵندە كوشندەیەو باڵی بەسەر خۆی و حزبەكەیدا كیشاوە چارەسەر كرد و داهاتی چەندین ساڵەی میللەت كە لە لایەن پارتەكەیەوە چەندین ساڵە حەپەلوش دەكرێت گەڕاندەوە بۆ میللەت ئەوە ئەوسا من یەكەم كەس دەبم كە ستایشی بكەم و دەست خۆشی لێ بیكەم بە لام هەرچەندە ئەو خەونە چەندین هاوڵاتی بردە ژێر گڵەوە ئەوە بە هەزارانی وەكو من بەو خەیاڵەوە دەچێتە ژێر گڵ ئا ئەمەیە ڕاستێكان نەك ئەوەی كە خەڵك بە هەڵوێستی دائەنێت بێ ئەوەی ئاوڕێك لە مێژو بداتەوە خوێندنەوەیكی وردی لە سەر بكات من وەكو خۆم هیچ ئومێدێكم پێتان نیە و مێژوش ڕەحم بە كەس ناكات چونكە مرۆڤەكان ئەمرن بەڵام مێژو نامرێت نەوە بە نەوە مێژو خۆی پیان ئەناسێنێت و باسی ناڕەوایەتی ئێوە دەكات بەرانبەر بەمیللەتێكی ژێردەستەی دوژمنەكانی و ڕزگار كردنی بۆیەكەم جارو چەوساندنەوەی دوبارەی لەلایەن حكومەتەكەی خۆی كە هەزاران ڕۆڵەی بۆ لە سەر بەكوشت دراوە و هێشتاش سێ پارچەی تریش لە ژێر زولم و زۆری داگیر كرانی كوردستاندایە و چاوەڕێی خۆری ئازادی دەكات بۆیەئەتوانم بڵیم ئەو هەڕەشانەی بەرزانی لە توركیا سیناڕۆیەكە وەكو سیناڕۆكانی پێشوی كە لە 1996 و 1997 بە كاری هێنا بۆ برا كوژی

كفری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.